*Aiming at more integration, Awena raises Kurds' concerns and awareness and expresses our opinions to our society .*

ئاوێنە بڵاوکراوەیەکی گشتی یە دوو هەفتە جارێك کۆمەڵێك کوردی شـــــاری لیدس لە بەریتانیا دەری دەکەن.

# ئاوێنە ڕەنگدانەوەی ژیانی ئێمەیە

issue: 7 ژمارە:

15 - 11 - 2005

## لەم ژمارەیەدا



| | |
|---|---|
| سوید هەلی دووەم (E) | لا 2 |
| سوید هەلی دووەم | لا 2 |
| یەکەم حەز، شیعر | لا 2 |
| خەڵاتێک بۆ ... | لا 2 |
| ناساندنی کوردستان | لا 3 |
| تەقینەوەکەی شەمزینان | لا 3 |
| ئاگاداری کۆرسی منداڵان | لا 4 |



- ئاوێنە، ڕەخنەکانتانی پێگەیشت و زۆر خۆشحاڵ بوین بە بایەخ پێدانتان!
- بۆ بابەت ناردن و پەیوەندی کردن :

awena.leeds@gmail.com

ئێستا لە چێشتخانەی گزنگ سندوقی بابەت و پێشنیارەکانی ئاوێنە دانراوە کە دەتوانن لەو ڕێگەیەوە بابەت و سەرنجەکانتان بگەیەنن بە ئاوێنە!

## سیستمی نوێی تاقیکردنەوەی هاوڵاتێتی

تیشک

بۆ ئەوەی کەسێک ببێت بە هاوڵاتی بەریتانی ساڵانێکە پێویستە تاقیکردنەوەیەک بکەیت کە ئاستی شارەزایی و ئامادەبوونت نیشان ئەدات تا وەک تاکێکی بەریتانی ژیان بگوزەرێنی. تاقیکردنەوەکە 45 خولەکە، دەربارەی مەسائلی پەیوەست بە حکومەت و کۆمەڵگا و پراکتیکە، نرخەکەی 35 پاوەنە و لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووەوە دەستی پێکردوە.

ئەوانەی داوای هاوڵاتێتی ئەکەن لەبەریتانیا ئەبێ لە یەکێک لە نەوەد سەنتەرەکەی بەریتانیا ئەنجامی بدەن پێش ئەوەی بچنە ئاهەنگی بە هاوڵاتی بوونەکەوە. شایانی باسە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ساڵی 2004 دا بوون بە هاوڵاتی لە بەریتانیا گەشتە ڕیکۆردێکی نوێی 141،000 کەسی.


ئەمەی کە پێی ئەوترێت 'ژیان لەبەریتانیا' دواگۆڕانکاری ئەو زنجیرە گۆڕانکاریانە بوو کە خەڵک چۆن ببن بە بەریتانی کە لەلایەن وەزیری ناوخۆی پێشوو دەیڤید بلانکێتەوە پێشنیاز کرابوو.

ئەوانەی تاقیکردنەوەکە ئەنجام ئەدەن ئەبێ لەسەدا 75ی پرسیارەکان بە ڕاستی وەڵام بدەنەوە بۆ ئەوەی دەربچن بەڵام ڕێگەیان پێ ئەدرێت دووبارەی بکەنەوە تا دەر ئەچن ئەگەر بکەون. تاقیکردنەوەکە 24 پرسیارە لەم بەشانەدا:

- * ژیانی بەریتانیا و کەلەپور
- * دامەزراوەکان و حوکمڕانی
- * مێژوو و داب ونەریت

کتێبەکە ئەوانەی سەرەوە دەگرێتەوە و هەروەها:

- * دین و نەتەوەکان
- * کۆرسەکانی زمان
- * زانیاری دەربارەی هاوڵاتێتی
- * کۆرسەکانی زانیاری و کۆمەک




پێم باش بوو لێرە جوابی پرسیارێک وەک خۆی لە بی.بی.سی بگوازمەوە ئێرە کە یەکێک لەوانەی یەکەم کەس بوون تێستەکە بکەن نەیتوانی بوو وەڵامی بداتەوە، کە منیش نەمزانی بەڕاستی. پرسیارەکە ئەڵێ: 'ڕاستە ئەوکەسەی ئەچێتە سەر تەختی پاشایەتی بۆی نیە جگە لە مەزهەب پرۆتستانت کەسێکی تر بخوازێت؟' وەڵامەکەی بەڵێ یە، بەپێی یاسای 1688ی بەریتانیا بۆ ئەوەی شانشینێکی پرۆتستانتی بپارێزن ئەبێ وابێت. ئەمساڵ هەوڵێکی زۆر درا بۆ لابردنی ئەو جیاوجیاخوازیە کە بە بیلی ئازاری 2005 ناسراوە بەڵام حکومەت ڕەتی کردەوە لەبەر ئەوەی گوایا کاری زۆری ئەوێت.

## ئاهەنگێک بۆ ڤێستیفاڵی ئاشتی لە لیدس

سەنگەر

ئێوارەی دووشەممە 7/11/2005 لە شاری لیدس ئاهەنگێک ساز کرا کە بەشێک بوو لە چالاکیەکانی ڤێستیفاڵی ئاشتی Together for Peace. لەو ئاهەنگەدا چەندین چالاکی مۆسیقا و گۆرانی و شیعر خوێندنەوە پێشکەش کرا هەروەها خواردنی جۆراوجۆری چەند کۆمەڵگایەکی تێدابوو بەتایبەت لە لایەن خەڵکانی پەنابەرەوە. سندوقێکی کۆمەکیش دانرا بۆ هاوکاری کردنی ئەو پەنابەرانەی کە داواکاریەکانیان ڕەتکراوەتەوە و مۆڵەتی کارکردنیان نیە و ئێستا ڕووبەڕووی بارێکی دژوار دەبنەوە.




شایەنی باسە ڕۆڵی کۆمەڵگای کوردی لە بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا هەر لە ڕێکخستنیەوە تا ئامادەبوون و بەشداری چالاکیەکانی زۆر لەبەرچاو بوو.

*Awena staff would like to thank Sengan from Leeds Tenant Federation and Ms Jean Wilson from Neighbourhood Learning Project for their help with printing the newsletter.*

*We also take this opportunity to thank everyone else who contributes to Awena directly or indirectly. We hope your support will continue and others will help us to continue publishing Awena.*

*Awena Staff*

# ئاوێنە ڕەنگدانەوەی ژیانی ئێمەیە

## Sweden gives a second chance

STOCKHOLM, Nov 9 (AFP): Sweden's parliament on Wednesday voted to give asylum seekers whose application has been rejected a second chance to obtain a residence permit. The law, which is valid until March 31, 2006, concerns rejected asylum seekers whose deportation order was not carried out due to conditions in their home countries, as well as families with children who went into hiding in Sweden after having their applications refused. The Swedish immigration authority, Migrationsverket, said an estimated 20,000 people will now be entitled to file new applications, which is currently not allowed under Swedish law.

## سوید هەلی دووەم دەبەخشێتە ئەو پەنابەرانەی که داواکانیان ڕەت کراوەتەوە!

هیوا

چوارشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی سویدی دەنگیان دا لەسەر پێدانی هەلێکی تر بەو پەنابەرانەی کە داوای پەنابەرییەکانیان ڕەت کراوەتەوە تاوەکو ڕوخسەتی مانەوە بەدەست بێنن. یاساکە، کە هەتا 31 ی مارتی 2006 کاری پێ دەکرێت، پەیوەندارە بەو داواکاری پەنابەرییە ڕەت کراوانەی کە بڕیاری سنووررداشکردنەوەیان جێ بەجێ نەکرابوو بە هۆی بارودۆخی ناو وولاتەکانیان، وە هەروەها ئەو خێزانانەی بە منالەوە خۆیان لە سوید شاردۆتەوە لە پاش ئەوەی داواکارییەکانیان ڕەت کرابۆوە. بەرپرسانی کۆچبەری سویدی ( مایگرەیشن سڤێرکیت) ووتی کە نزیکەی 20،000 کەس بە پێی ئەم بڕیارە دەتوانن کە داواکاری تازە پێشکەش بکەن، کە ئەمەش تا ئێستا بە پێی یاسای سوید ڕێگەی پێ نادرێت. حکومەت دەڵێت ئەم هەنگاوە گەرەنتی



پێدانی دەم و دەستی پەنابەری یاسایی ناکات بەڵام سیاسەت مەدارانی ئۆپۆزسیۆن و بەرپرسانی کۆچبەری ئەمە بە بەشێک لەو لێبووردنە بەربڵاوە دادەنێن بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان شاردۆتەوە یان چاوەڕێی سنورداشکردنن. ”ئەمە کێشەیەکی گەورەیە کە هەتا دێت ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگا دەژین بەرەو زیادبوون دەچێت“ لێدوانی وەزیری کۆچبەری ( باربرۆ هۆڵمبێرگ) لەبەردەم پەرلەمان لە پێش ئەوەی ئەم یاسا تازەیە دەنگی لەسەر بدرێت. ئەو ووتی ”ئێمە ئێستا ئەو ئاستەنگ و بۆشاییە دەرەوێنینەوە کە کۆمەڵگەکەمان و زۆرێک لە خەڵکی تێ کەوتووە“. یەکێک لە بەرپرسەکان بە dagnes nyheter (daily) ی گوت :ئێمە گەورەکانیشمان دەڵێن ئەمە یاسای لێبووردنی گشتییە کەچی ئێمە بۆمان نییە وای پێ بڵێین.

## خەڵاتێک بۆ کوردێک

سەنگەر



**کۆژیر کوردێکی هەڵکەوتوی شاری لیدس!**

لەدایکبووی ساڵی 1977 ە لە باشووری کوردستان. خوێندنی دواناوەندی لە کوردستان تەواو کردووە، 9 ساڵە لە هەندەران دەژی و ئێستا لە شاری لیدس نیشتەجێیە.

ڕەنگە بەلای هەندێکمانەوە سەیربێت بەڵام هەر بە گەیشتنی بە ئێرە پاش 2 ڕۆژ دەستی کردووە بە خوێندن لە کۆلێج و هەروەها 2 ساڵ لە کۆلێجی مۆسیقا Leeds College of Music خوێندوویەتی.

کاک کۆژیر ئارەزووی هونەری خۆی بە هۆی چەند هاوەڵێکیەوە کە هاندەربوون بۆی گەشەپێداوە و چەندین چالاکی هونەری و گۆرانی ئەنجام داوە، بەشداری ئاهەنگە کوردیەکان و چالاکی کۆمەڵگا جیاوازەکانی کردووە لە چەند شارێکی بەریتانیا.

خەڵاتی بەدەست هێناوە لە Community Championship Award بۆ هاوکاری کردنی کۆمەڵگا جیاوازەکان، کارەکانی ناساندنی مۆسیقا و هونەری کوردی بە خەڵکانی جیاواز لەخۆگرتووە. لە وەڵامی پرسیارێکی ئاوێنەدا بەڕێزیان بەم شێوەیە لە دوا چالاکیەکانی خۆی دوا و ووتی:

ئێستا سەرقاڵی خوێندنم لە زانکۆ وە هەوڵ دەدەم کە کارەکانم پێشخەم لە پێناو پێشکەشکردنی بەرهەمێکی مۆدێرنی کوردی. داواخوازم لە هەموو کوردێکی هونەردۆست کە هەوڵ بدەن بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە مۆسیقا.



## یەکەم حەز

ڕێبوار ئالانی
-برادفۆرد

خۆم نازانم ئەی فریشتە،
لە کوێوە هەنگاو بێنم؟
تا تێر لە چاوی ڕەشتەوە،
وورشە لە خۆشی ژین بێنم؟

***

پۆل پۆل سۆز وئەویندارى
غەمی تاسە و ژانی بەکوڵ!
دێنە سەر ڕێگای تاساوم
دەگرن سینە و هەنسکی دڵ.

***

هەنگاو بەرەو کاملا بێنم؟
گوڵی ژینم ئەستێرەبێ،
لە ئاسمانی هەوری قژتا؟!
فێری بارانی غەم نەبێ.

***

دڵم وەک دەریای بێ سنوور
مەرگی لافاوی تەنیوە،
نیوەی نیگات کردیە خورپە و
نیوەی بسکت دایدوریوە.

## The forgotten Kurds of Iran: Mobilising International Solidarity

**Wednesday, 30 November at 7pm**

**The meeting is hosted and chaired by:**

**Hywel Williams, MP**

**Committee Room 8, House of Commons, Westminster, SW1**

**Tel 020 87487 917 & 0795 864 7705**

**Email: ka61@kent.ac.uk**

## کورده فەرامۆش کراوەکانی ئێران: جوڵاندنی سەروەری نێودەوڵەتی

**چوارشەممە، 30/11/2005 کات: 7ی ئێوارە**

**بە میوانداری و سەرپەرشتی پارلەمانتار: هیول ویلیامز**

**شـــوێن و زانیاری زیاتر**

## Kurdistan 'The other Iraq'

تیشک

## هەڵمەتی ناساندنی کوردستان!



**بۆ یەکەم جار ڕێکلام بۆ سەرمایە گوزاری لە کوردستان**

**بۆ یەکەم جار کوردەکانی عێراق سوپاسی ئەمەریکا ئەکەن**

ئێمەی کورد تا ئێستا ئەگەر بێت و جارێک ناومان لە نێو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ناوەندەکانی دیکەی میدیای دنیادا هاتبێت یان بە هۆی کۆستێکەوە بوە یان کۆستێیکیان بەسەر هێناوین.

بەڵام ئێستا لەسایەی هاوکاری کردنی ئەمەریکی‌یەکان بۆ کورد، جا بە هەر مەبەستێک بێت یان ئەگەر هەندێکیشمان بەو دووعایە نەڵێین ئامین، ئەوا ئێستا بە نازناوێکی نوێ بۆ کوردستانی عێراق بە هاوکاری کۆمپانیای گەشەپێدانی کوردستان کە گەورەکراوی دەستی حکومەتی هەرێمە بانگەشەیەکی جیهانیان دەست پێکردوە بە ناوی "عێراقەکەی تر" واتە کوردستان.

سایتی www.theotheriraq.com کە سایتی سەرەکی ئەم هەڵمەتە جیهانی‌یەیە هەموو زانیاری و ووردەکارییەکانی هەڵمەتەکە لە خۆ ئەگرێت. بڕیارە ئەو چەن کورتە ڤیدیۆیەی ئەوان ئامادەیان کردوە سەرەتا لە کەناڵە ئەمەریکی‌یەکانەوە بڵاو بکرێتەوە کە پێش 14ی مانگ دەستی پێکرد و ئێستاش لەسەر کەناڵە ئەورووپی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە. ڕاستە هەڵمەتەکە ناو و مەبەستی سەرەکی باسی عێراق و سوپاس کردنی ئەمەریکایە بۆ ڕزگارکردنی کورد، بەڵام ئەوانەی کورتە فیلمەکانیان دیبێت ئەتوانن بزانن: یەکەم کورد کێیەو کورتەیەک لە مێژوومان بە شێوازێکی زۆر کاریگەرانە، دووەم پەیوەندی کورد و ڕۆژئاوا و ڕاستی جیاوازی نێوان کوردستان و عەرەبستان وە سێیەم باری ئابووری و سەرنج ڕاکێشانی دنیا بۆ ئەو هەلە گەورەیەی لە کوردستان هەیە تا سەرمایەگوزارانی دنیا ڕووی تێ بکەن. هەرچەندە هەندێک لە ئێمە پێ ئەچێت سەرنج و تێبینی خۆمان هەبێت و من شەخسی خۆم پێم وایە شێوازی سوپاس کردنەکە ئەکرا کەسانی وەک سەرۆکی زانکۆ کە لەسەر بابەتەکانی دیکە قسە ئەکەن یان ڕۆژنامە نووسان بیان کردایە، بەڵام ئەوە هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە جگە لە ئەمەریکا باوەڕ ناکەم هیچ دەوڵەتێکی تر ئەم کارەی بگرتایەتە ئەستۆ.

جێگای داخە کە بەریتانیای گەورە کە دەستی سەرەکی هەبوو لە دابەشکردنی کوردستان و (هەرچەندە کورد فێرە گلەیی لە خۆی بکات) ڕوخاندنی تەختی پاشایەتی مەلیک مەحموود بە گورزی هێزی ئاسمانی شانشنینی بەریتانیا، وە ئێستاش ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردی لێ نیـــــــشتەجێیە، دەزگایەکـــــــــی زەبـــــەلاحی وەک بی.بی.سی هەیە کە دانی خێر زۆرکەم بە کورد و کێشەی کورددا ئەنێت و تا ئێستاش گەورەترین پشتیوانی تورکیایە بۆ ئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا بەبێ تاکید کردنەوە لەسەر چاکەکاری لە حکومەتە دژ بە کوردەکەی تورکیادا.

تەنها کرانەوە بەڕووی دنیادا تاکە گورزی کاریگەرە بۆ هەنگاونان بەرەو ئازادی کوردان لە ووڵاتانی بەشخۆری کورستاندا و هەنگاوە بەرەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

There is a saying among the Kurds: "**No friends but the mountains**." For, indeed, the world has scarcely noticed when century after century, conqueror after conqueror has driven these once nomadic tribes deep within their beloved mountains to preserve their culture, their language and their lives

Hidden in the shadows of history, resistance against repression became the Kurdish way of life, until atrocities inflicted by a dictator named Saddam Hussein sent shock waves throughout the world causing people of every nation to ask, "Who are the Kurds?"

If you want to know the answer, then visit this website please: www.theotheriraq.com A documentary campaign website to promote southern Kurdistan which is the third largest part of the bigger Kurdistan, the largest part of which is in Turkey.

## تەقینەوەکەی شەمزینان و ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە

نیشک



ڕۆژی چوارشەمە 9 ی ئەم مانگە لە کتێبخانەیەکی ناوەڕاستی شارۆچکەی شەمزیناندا بۆمبێک لەلایەن کەسێکەوە کە لە سەیارەیەک هاتبووە خوارەوە فڕێ درایە ناو کتێبخانەکەوە لە عەلاگەیەکدا تەقیەوەو کەسێک کوژراو کەسێکی دیکەش بریندار بوو.

ئەو تاوانبارانە دەستبەجێ لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی شارەکەوە چواردەوریان گیرابوو بۆ ئەوەی تاوانکارەکان بگرن بەڵام تاوان باران تەقەیان لە جەماوەر کردو یەکێکیان کوشت و چواری دیکەشیان بریندار کرد. پۆلیسی تورک کە گەشتنە سەر ڕووداوەکە ئەنجامدەرانیان ڕزگار کردو بلاوەیەن بە خەڵکەکە کرد!! بەڵام پێشتر خەڵک توانیبوویان چەند چەکێکی کلاشینکۆف و نەخشەو هەندێک شتومەکی دیکە لە سەیارەی تاوانباراندا بگرن، یەکێک لەو شتانە ناسنامەی 'عەلی کایا' کە ناوێکە بۆ ئیستیخباراتی جەندرمەی تورک کار ئەکات کە یەکێک بووە لە تاوانباران.

ئەسات جانان ی ئەندام پارلەمانی پارتی خەڵکی کۆماری (پارتەکەی ئەتاتورک) کە ئەندام پارلەمانی بەرهەڵستکاری ناوچەکەیە تاکیدی کردەوە کە سەیارە سپیە 'دۆگان' ەکە ژمارەکەی 42 بووە کە ژمارەی شاری کۆنیای ناوەڕاستی تورکیایەو سەیارەی ئیستیخباراتی جەندرمەی تورکە لە لایەن ئەو کارمەندانەوە بەکار هاتووە کە جلی مەدەنی لەبەرئەکەن.

ئەو کوردانەی کە چونە سەر سەیارەکە، چەک، تەقەمەنی، نەخشە و لیستی ناوی ئەوانەی ئەبێ بکوژرێن و لایەنگری پ.ک.ک ن تیایدا بووە. لە نەخشەکەدا (خەریتە) ی ئەو جێگایانەی ئەبێ بتەقێنرێنەوە هەبووە کە یەکێکیان شوێنی ڕووداوەکەی 1ی ئەم مانگە بوو. خاوەنی کتێبخانەکە شەریف یلماز ناوی لە لیستەکدا خەتی بەسەردا هاتبوو.

زۆربەی ڕۆژنامەکانی تورکیا سەرقاڵی ئەم ڕووداوەن و خودی سەرۆک وەزیران بڕیاری لێکۆڵینەوەی وورد و تەواوی دا لەسەر ئەو تەقینەوەیە و بۆ دامرکاندنەوەی ڕقی جەماوەری شارەکە کە بۆ چەن ڕۆژێک خۆپیشاندانی هێمنانە و توند و تیژیان دەست پێکردبوو. وە لە هەمووی گرنگتر وەک هەموو جارێک یەکسەر پەنجەیان بۆ پ.ک.ک درێژ کردو لەسەرەتادا ئەوانیان تاوانبار کرد تا کەسانی وەک جانانی ئەندام پارلەمانی پارتەکەی ئەتاتورک ڕاستی ڕووداوەکەیان سەلماند.

جێگای داخە کە میدیا کوردیەکان وەک خەویان لێکەوتبێت یان هەر کوردستانی عێراق کورد بێت هیج گرنگیەکیان نەدا بەم ڕوداوە لە کاتێکدا هەموو ئەوروپا چاوی لەسەر کێشەی کوردە لە تورکیا و حاڵی حازر دەوڵەتی تورک کێسێکی دیکەی لەبەردەستدایە کە مەحکەمەکردنی پۆلیسێکی تورکە لەسەر کوشتنی کوڕ و باوکێکی بێتاوان کە لە سەرەتادا بە تیرۆریست ناساندنیان بە دنیا.

## کۆرسی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کوردی شاری لیدز و دەوروبەری

**ئاوێنە وەک لە ژمارەکانی پێشوودا ئاگاداری کردبوونەوە لە هەوڵی زۆر جددیدایە بۆ دامەزراندنی کۆرسێکی زمانی کوردی بۆ منالان، بۆ ئەو مەبەستە چەندین دەزگای پەیوەندیدارمان ئاگادار کردەوە. ئاوێنە گەشتە ئەو ئەنجامەی کەوا کارەکە هەندێک گرفت و سەختی یاسایی لەپێشە لەبەر ئەوەی کارەکە بۆ منداڵانە و هەندێ یاسای تایبەت ئەم کارە سەختتر ئەکات.**

**بەڵام ئەگەر ئاسانکاریەک لەلایەن دایکان و باوکانەوە بکرێت ئەوا ئەتوانرێت کۆرسەکە بکرێتەوە، ئەویش: دایک یان باوکی منداڵەکە بەڵگەیەک ئیمزا بکەن کە خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان دێن و لەگەڵیان ئەبن تا کۆرسەکە تەواو ئەبێت، واتە لە ماوەی دەرسەکەدا یەک لە سەرپەرشتیارەکەن ئامادە بن و پاشانیش خۆیان منداڵەکەیان ببەنەوە ماڵەوە.**

**بۆیە ئێمە چاوەڕێین بزانین چەند خێزانی کورد ئامادەیی دەردەبڕن، پاشان ئەتوانین کۆرسەکە بکەینەوە.**

**بۆ ئەم مەبەستە تکایە بە زووترین کات پەیوەندی بکەن بە چێشتخانەی گزنگ بۆ ناونووسین**

### مێژووی ئۆتۆمبیڵ ( سەیارە ) زانا

لە ساڵی 1769 دا یەکەم ماشێن دروست کرا کە بتوانێت خۆی ڕابکێشێت لە سەر ڕێگادا، تەراکتۆرێکی سوپابوو لە لایەن ئەندازیارێکی فەرەنسییەوە، ناوی نیکۆلاس جۆسێف کۆگنۆتە و لە ساڵەکانی (1725 – 1804) ژییاوە. کۆگنۆت مەکینەیەکی هەڵم (بوخار)ی بە کارهێنا بۆ درۆست کردنی ئەو ماشێنە لە شاری پاریس. سۆپای فەرەنسی بەکارییان دەهێنا بۆ ڕاکێشانی چەکە قورسەکانیان بە خێرایی 2.5 میل لە سەعاتێکدا و تەنها 3 تایەی هەبوو.



بە خوا ئەم سەیارەیەش لە ڕۆڤەرەکەی من باشترە!!

**بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت، ناردنی سەرنج و تێبینی، تکایە ئیمەیڵمان بۆ بنێرن:**

awena.leeds@gmail.com

**ئەتوانین بە ئیمەیڵ ژمارەکانی ئاوێنەت بۆ بنێرین!**

**پۆستی ئاوێنە، چێشتخانەی گزنگ، سندوقی تایبەتی ئاوێنە، یان:**

**Gzing Restaurant**

**Unit 2, Cherry Row, Leeds, LS9 7LY**